# ماددەی هۆشبەر بۆ سڕكردنی لاوی كورد، دەنێردرێتە باشووری كوردستان


## سالار بابەشێخ

hisami@walla.com


لەسەرانسەری دونیادا ماددەی هۆشبەر كەم تا زۆر سەلامتی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی خستۆتە مەترسییەوە، ئالوودەبوون بەو ماددانە زۆر شیرازەی بنەماڵەیی تێكداوە و هەزاران ژیانی خێزانی شێواندووە.

ئەگەرچی لە زۆربەی ولاّتانی پێشكەوتووی جیهاندا بە شێوەیەكی جیددی و لەولاّتانی دیكتاتۆری و شوڤینیدا بە شێوازێكی رواڵەتی بەربەرەكانێی قاچاخچییەكان و فرۆشیار و كڕیارانی ماددەسڕكەرەكان دەكرێت، بەلاّم لە سەرانسەری دونیادا ئەو جۆرە ماددە هۆشبەرانەی وەك تلیاك، هیرۆئین، مۆرفین، كوكائین، گراس و ..هتد، بە ئاشكرا و بە شاراوەیی بەر دەست دەكەوێت و لە زەمەنێكی كورتدا بەكارهێنیەرانی ئەو ماددانە لە لێوارەی دۆڵی فەوتاندا خۆیان دەبیننەوە و زۆربەشیان تەنانەت كەرامەت و مرۆڤبوونی خۆیان دەدۆڕێنن، بەجاران بیستراوە جگە لە دزی و لەشفرۆشی و حەراجكردنی هاوسەر، تووشی دەیان تاوانی دیكە دەبن هەتا بتوانن كڕینی پێداویستی (نەشە)بوونیان دابینبكەن.

بێگومان ئەفغانستان بە كێڵگەكانی خاشخاش و ئێرانیش بە ترانزیتكردنی ماددەسڕكەرەكان، بەرزترین ئاماری ئالوودە بە ماددە هۆشبەرەكانیان لەئاستی دونیادا بۆ خۆیان تۆمار كردووە، بەپێی سەرچاوەكان لەولاّتی ئێران نزیكەی (7) ملیۆن كەس ئەو ماددانە بەكاردەهێنن و پتر لە (5) ملیۆن كەسیش (معتاد)ن، واتە ئالوودە و تووشبووی ماددە سڕكەرەكانن.

بەپێی ئەزموونەكان لەهەر كۆمەڵگەیەك ئەگەر لەبەردەم بەكارهێنانی مەی خواردنەوەدا بەربەست و لەمپەر نەبێت، تا رادەیەكی زۆر رێژەی بەكارهێنانی دووكەڵە هۆشبەرەكان، كەمەو لەئاستێكی زۆر نزمدایە، بۆ نموونە لە ئێران هەركەس بۆنی مەی لە زاری بێت و دەزگایەكی پەیوەندیداری دەسەلاّت لێی ئاگادار بێتەوە، ئەوە دەدرێتە دادگە و لە ئاكامدا لە سەر شەقام و لە بەرچاوی خەڵك رووتی دەكەنەوە و بە قامچی بەردەبنە گیانی و هەتا (80) زەربەی بۆ دەژمێرن، هاوكات نرخی بەكارهێنانی مسقاڵێك تلیاك لە كڕینی پاكەتێك جگەرەی (وینستۆن) هەرزانترە، ئەوانەش گەورەترین هۆكارن بۆ ئالوودەكردنی گەنجان و دروستبوونی قەیرانێكی كۆمەلاّیەتی كە خەڵك بەلارێدا بەرێت و رامانی سیاسی و بۆچوونی بیرمەندانە لاواز بكات.

لە كوردستانی رزگاركراو بە هۆی ئازادبوونی خواردنەوەی مەشرووباتەوە بەدەگمەن كەسێك بەرەو ئەو هەڵدێرە هەنگاو دەنێت، ئەوانەش كە ئالوودەی ئەو دەردە و موبتەلای ئەو ماڵوێرانییەن، ئەو میراتەیان لە سالاّنی ژیانیان لە ئێراندا پێبڕاوە و هێناویانەتەوە بۆ كوردستان، هاوكات نەیارنی دراوسێی حكومەتی كوردستان وەك پیلاندوورانێك بە نیازن گەنجانی باشووری ولاّتەكەمان لەبیری كوردایەتی دایانتەكێنن و نهێلیسم و پووچگەرایی بكەنە سەرابێكی پڕ لە

تراویلکەی وەهمی بۆیان. هاتنی بە (تەن) لەو ماددە سڕکەرانە بۆ کوردستان و دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن پاسەوانانی ئەمڕۆ و پێشمەرگەکانی دوێنێی کوردستانەوە، ئەو هۆمێدەمان پێدەبەخشێت کە چۆن خاکی کورد ئالأی بێگانە لە سینگی شاخەکانیدا راگیر ناکات، هەر ئەوهاش هاوردەی دەستی نەیاران و دوژمنانی گەنج و گەنجینەی کوردستان لەم خاکە پیرۆزەدا جیگەیان نابێتەوە، بۆیە پێویستە حکومەت بە پەلە شیکاری زانستی لەسەر بکات و پیلانی پیلاندووڕانی دەوروبەری پووچەڵ بکاتەوە. چاودێرییەکی زیاتر بخاتە سەر سنوورەکان و راهێنانی گەنجان و ئاوڕدانەوە لە کێشە و گیروگرفتەکانیان بکاتە بەرنامەی هەنووکەیی خۆی، چونکە خافڵ بوون لەم دیاردەیە قەیرانێکی مەزنی لێدەکەوێتەوە کە ئەوکات چارەسەرکردنی ئاسان نییە.